# گفتوگۆی ڕۆژنامەی قەڵای کەرکوك لەگەڵ هاوڕێ "ابوبکر لەتیف حسین" کاندیدی "لیستی قەڵای کەرکوك"




**قەڵای کەرکوك:بەبڕوای ئێوە بۆچی لیستی قەڵای کەرکوك دروستبوو؟ هۆیەکانی پێکهاتنی لیستەکە چیبوو؟**

ابوبکر لەتیف: لیستی قەڵای کەرکوك سەرەتا بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوکدا دروستبووە دواتر ڕەزامەندی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی لەعێراقدا وەرگرت، بەڵام ئەو کێشەو گرژیەی لەنێوان لایەنە سیاسیە ناکۆکەکاندا لەپەیوەند بەرێکخستنی هەڵبژاردنی کەرکوك پێکهات و سەرەنجام قەیرانێکی گەورەی لێکەوتەوە نەیهێشت ئەو هەڵبژاردنە لەکاتی خۆیدا هاوشێوەی پارێزگاکانی تر ئەنجامبدرێت.

بەڵام دوای پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی نوێ و گۆڕینی عێراق بە١٨ بازنەی هەڵبژاردن و پارێزگای کەرکوکیش وەکو یەکێك لەو بازنانە ئیتر بەپێویستمان زانی هەر بەهەمان لیست و ناوەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەین و بەوپێیە لەتیرو پشکی کۆمیسیۆندا ژمارە ٣١٤ بوو بەژمارەی لیستەکەو پاشان ١٣ کاندیدمان پێشکەشکرد بۆ پڕکردنەوەی ١٢ کورسی لەم پارێزگایەدا.

هۆیەکانی دروستبوونی ئەم لیستە زۆرن گرنگترینیان فەشەل و بنبەستی تەواوی حزب و لایەنە ناکۆکەکانە لەپەیوەند بەچارەسەری عادیلانەو دیموکراسیانەی کێشەی کەرکوك کەزۆرجار بە "بەرمیلی باروت" دەیچوێنن کەگوایە لەهەر ساتێکدا ئەگەری تەقینەوەی هەیە، وەهەروەها نەبوونی سەرەتاییترین ئاستی خزمەتگوزاری بۆ ئەم پارێزگایە کەبەدەوڵەمەندترین شاری دنیا دادەنرێت کەسامانی نەوتی هەبێ و کاتی خۆیشی یەکێك لەجوانترین شارەکانی عێراق بوو، بڵاوبوونەوەی هەمەلایەنەی گەندەڵی و وێرانبوونی تەواوی دامودەزگاکانی حکومەت لەم شارەدا، پشێوی باری ئەمنی، پەرەسەندنی دووبەرەکی قەومی و تائیفی و ململانێ لەسەر دەسەڵات و نفوز لەنێوان ئەو حزب و لایەنانەدا کەهەریەك خۆی بەنوێنەری پێکهاتێکی ئەم شارە دەزانێت لەکورد یان عەرەب یان تورکمان و ...تاد، هەروەها نارەزایەتی قووڵی خەڵکی کەرکوك لەدەوری ئەم حزب و میللیشیایەنەی لەم شارەدا زاڵبوون و هیچ رۆڵێکیان بۆ ئیرادەی خەڵکی کەرکوك نەهێشتۆتەوەو دەنگیان خنکاندووەو ....تاد ئەمانەو زۆر هۆیتریش بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك خەڵکی ئەم شارە لەمامۆستایان و خاوەنکاران و کەسایەتی جیاواز لەپێکهاتە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و کەسایەتی چەپ و پێشکەوتنخواز دەستپێشکەری بکەن بۆ دروستکردنی ئەم لیستەو بەشداری بکەن لەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا لەچوارچێوەی یەك بازنەی هەڵبژاردندا کەپارێزگای کەرکوکە، بەو هیوایەی بتوانن

سنوورێك بۆ ئەو دیاردانەی سەرەوە کەباسمان کرد دابنێین و بێن بەنوێنەری خەڵکی ئەم شارە لەڕێگەی دروستکردنی لیستێکەوە کەناسنامەو سنووره قەومی و تائیفیەکانی تێپەڕاندبێ.

**قەڵای کەرکوک: ئامانجەکانی ئەم لیستە چین و بەدیاریکراوی چۆن دەڕواننە چارەسەری کێشەی کەرکوك و ئەو قەیرانەی کەلەسەر چارەنوسی ئەم شارە دروستبووە؟**

ابوبکر لەتیف: گرنگترین ئامانجی لیستەکەی ئێمەو دروشمە سەرەکیەکەی ئەمەیە " کەرکوك بۆ کەرکوکیەکان" ئەمەش لەرووی یاسایی و ئیداریەوە واتە کەرکوك پارێزگایەکی فیدراڵی تایبەت بێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی مەترسی کێشەو ململانێی رەگەزی و قەومی لەسەر لابچێت و بارگرژی ئێستا ئاسایی بێتەوە، وەهەروەها بەشێوەیەکی دیموکراسیانە حکومەتێکی مەدەنی لەم پارێزگایەدا هەڵبژێردرێ کەنوێنەری خەڵکەکەی بێت، بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم حکومەتە محەلیە دابنرێت تاکو ئاستی خزمەتگوزاریەکان زیاتربێ و زەمینەیەکی هاوبەش بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی برەخسێ، دروستکردنی دامودەزگا حکومیەکان کەلەسەر پێی خۆیان راوەستابن و لەدەسەڵاتی حزبەکان جیابکرێتەوە، هێزی پۆلیس لەناوخۆی ئەم شارە دروستبکرێ و ئەرکی پاراستنی ئەمنیەت لەئەستۆبگرێ و هەموو میللیشیا نایاساییەکان قەدەغەبکرێن. ئەمە ئامانجی سەرەکی و جەوهەری ئەم لیستەیەو لەو بڕوایەداین کە باشترین چارەسەرە لەم قۆناغەداو بەقازانجی هەموو خەڵکی شارەکەو خەڵکی عێراقە بەگشتی. دیارە ئەم لیستە ئامانج و پرەنسیبی گشتی تریشی هەیە کەتایبەتن بەحکومەت و دەوڵەت و دام و دەزگاکانی و وەیان تایبەتن بەعەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافەکانی لاوان و ژنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و ,,,,, تاد.

**قەڵای کەرکوك: ئایا ئەم لیستەی ئێوە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی شارەکە لەخۆدەگرێ؟**

ابوبکر لەتیف: شاری کەرکوك شاری پێکهاتە قەومی و دینی و تائیفیە جیاوازەکانە، ئەگەر لیستێك هەڵقوڵاوی ئەم شارە رەنگاڵەییە بێت و دەنگ و ئیرادەو هاواری خەڵکەکەی بێت ئەوە بێگومان کەسایەتی کورد و تورکمان و عەرەب و کاکەیی و مەسیحی لەخۆدەگرێ و هەریەکەشیان لەبازنەی خۆیدا خاوەنی نفوزێکی کۆمەڵایەتی فراوانە. لەکەرکوکدا لیستێکی سیاسی راستەقینە نیە جگە لەم لیستە کەبەفعلی دەنگ و ئیرادەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم شارەبێت و لەهەوڵدابێت بۆ سەقامگیرکردنی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان و بەدەربێ لەململانێ و دووبەرەکی قەومی و زمان لووسی و درۆودەلەسەکانی پرووپاگەندەکانی هەڵبژاردن، ئەو پرووپاگەندانەی کەزۆربەی لیستە رەگەزخوازەکان بڵاویدەکەنەوەو بەدەستێك ئالای هاوژیانی بەرزدەکەنەوەو بەدەستەکەی تریان خەریکی لەگرێژنەدەرهێنانی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنین و جیاکردنەوەو ریزبەندی و کێبەرکێی رەگەزخوازانەن.

**قەڵای کەرکوك: تاچ رادەیەك خەڵك بەدەنگتانەوە هاتووە؟**

ابوبکر لەتیف: سەرەڕای کەمی توانای ماددی و دارایی و نەبوونی کەناڵی راگەیاندنی بیستراوو بینراو هێشتا لیستەکەی ئێمە توانیویەتی پرووپاگەندەی هەڵبژاردن لەنێوەندێکی کۆمەڵایەتی فراواندا ئەنجامبدات و رووهێنانی جەماوەرو خەڵکی کەرکوك و کەناڵە سەربەخۆکانی ڕاگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ لەئاستێکی باشدایە، وێرای ئەوەی ئێمە هێشتا لەسەرەتای کەمپین و بانگەشەی هەڵبژاردنداین بەڵام دەبینین لیستەکە لەم بازنەی هەڵبژاردنەدا شەعبیەتێکی باشی هەیە. لەراستیدا چاوەڕوانی ئەم رووهێنانە زۆرە نەبووین و پێدەچێت ئامانجەکانی لیستەکەو

دەربڕینی خواستو چاوەڕوانیەکانی خەڵکی کەرکوکو گردو کۆبوونەوەی چەند کەسایەتیەکی بەنفوز لەم لیستەدا هۆی ئەم مەسەلەیە بێت.

**قەلای کەرکوک: لیستی قەڵای کەرکوکو پاڵیوراوەکانی تووشی چەندین گرفتو کێشەو هەڕەشە بوونەوە بەتایبەت لەلایەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانیو خودی سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی کەسکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لەمیانەی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ وەفدێکی لیستی قەڵاو پێداگرتنی لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەم لیستەو کشانەوەی لەبەرژەوەندی لیستی هاوپەیمانی، هۆی ئەم هەڕەشەو گرفتانە چی بوو؟**

ابوبکر لەتیف: سەرەتا پاڵیوراوەکانی ئەم لیستە تووشی گرفتی زۆر بوونەوە بەتایبەت پاڵێوراوە ژنەکان کەبەتەلەفونو بەنامەناردن هەڕەشەیان بۆدەچوو، ئەم هەڕەشانە دواتر پەرەیانسەندو سەرۆکی لیستەکەو کەسایەتیە دیارو بەرچاوەکانی گرتەوە، دواترینیان ئەو گوشارە زۆرانە بوو کەهاوپەیمانی کوردستانی خستیەسەر لیستەکە بەمەبەستی هەڵوەشانەوەو کشانەوەی بەبیانووی بەفیڕۆنەدانی دەنگەکان، سەرەنجامیش بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ژەهراویو تەنگهەڵچنین بەلیستەکە لەڕێگەی شارەوانی کەرکوکەوە کەکەسایەتیەکانی هاوپەیمانی کوردستانی تیایدا باڵادەستن.

هۆیەکانی ئەم هەڕەشەو گورەشانە وەکو رۆژی رووناک دیارو بەرچاون، ئەم لیستە لیستێکە سنورە قەومیو رەگەزیەکانی بەزاندووە، چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ کێشەی کەرکوک خستۆتەڕوو کەبەڕە لەژێرپێی ئەو قەوارە سیاسیانە دەردەهێنێت کەهەریەکەیان خۆیان کردووە بەنوێنەری تاقانەی کوردو عەرەبو تورکمانو لەسەر ئەم بنەمایەوە دەیانەوی شارەکە بەرەو کێشەو دووبەرەکی نێوانیان رابکێشن، هەرچەندە ئەم لیستە لەقازانجی خەڵکی کەرکوکە بەڵام دیارە بوونو مانەوەی لەدژی بەرژەوندیەکانی ئەوانە. لەلایەکی ترەوە گردوکۆبوونەوەی چەند کەسایەتیەکی ناسراوی شارەکە کەتەسلیمی ئەوان نەبوونو رابردوویەکی خاوێنو پاکیان هەیەو رووهێنانی خەڵك بۆ لیستەکەو ... ئەمانەش چەند هۆیەکی ترن بۆ زیادبوونی هەڕەشەو گوشارو تەنگهەڵچنین بە ئێمە..

بەڵام سووربوونی پاڵێوراوەکان لەسەر بەرەنگاربوونەوە لەبارودۆخێکی ئەمنی گرژو ئاڵۆزدا، باوەڕی تەواویان بەراستیو دروستی ئاراستەو دروشمەکانیانو یەکگرتنەوەی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەڵك لەپرۆسەی هەڵبژاردنداو رووهێنانی جەماوەر بۆیو پاڵپشتیکردنی، ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەو پیلانانە سەرنەگرێو پووچەڵبێتەوە.

**قەڵای کەرکوک: بۆچی لەم لیستەدا خۆت کاندیدکرد؟ تۆ وەك کادرێکی رێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق تاچ رادەیەك رێکخستنەکانتان لەم پارێزگایەدا پشتیوانیت لێدەکات؟**

ابوبکر لەتیف: وەکو سەرەتا ئاماژەم پێکرد ئەم لیستە لیستێکی هەڵبژاردنی سەربەخۆیە کەتیایدا هەموو پێکهاتەکانی کەرکوك لەخۆدەگرێو بێگومان کۆمۆنیستەکانیش خەڵکی ئەو شارەنو هێزێکی سەرەکین تیایدا، من لەم سۆنگەیەوە خۆم کاندیدکردو هاوڕێیانم لەرێکخستن پشتیوانیم لێدەکەنو هەر لێرەیشەوە داوا لەوانو لەهەموو دەنگدەران بەتایبەت کرێکارانو زەحمەتکێشانو رۆشنبیرانو خەڵکی بەشمەینەت دەکەم دەنگ بەمنو بەم لیستەبدەن، هەر لەبەرئەوەی کەسیستمی هەڵبژاردن لەعێراق سیستمی کراوەیە بۆیە داوادەکەم دەنگبدەن بەلیستی قەڵای کەرکوك ژمارە ٣١٤ و ریزبەندی من لەلیستەکەدا کەژمارە (١٣)یە.

-----------------------------

**ژیاننامەی هاوڕێ ابوبکر لەتیف حسین کاندیدی ژمارە ١٣ی لیستی قەڵای کەرکوك:**

- ابوبکر لەتیف حسین ناسراو بە(مامۆستا بەکر) لەساڵی ١٩٥٨دا لەگەڕەکی تەپە لەشاری کەرکوك لەدایکبووە.
- لەخێزانێکی هەژارو تێکۆشەر چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو لەتەمەن لاوێتیەوە بەشداری لەژیانی سیاسیدا کردووەو بووە بەئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەکەرکوك تەواوکردووە.
- لەشۆڕشی ئەیلولدا لەساڵی ١٩٧٤ بەشداربووەو پاش هەرەسهێنانی ئاوارەی ئێران بووە.
- پاش گەڕانەوەی لەئێران ساڵی ١٩٧٦ بۆ شاری سەماوە نەفی کراوەو لەوێ خوێندنی دواناوەندی تەواوکردووە.
- لەکۆلیژی کارگێڕی و ئابووری لەساڵی ١٩٨٢ وەردەگیرێت و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەساڵی ١٩٨٦دا بەدەستدەهێنێت و دواتر بەمامۆستا دادەمەزرێت و تاکو ئێستاش لەپیشەکەی بەردەوامە.
- لەسەرەتای ساڵی هەشتاکاندا وەکو هەڵسووڕاێکی چەپ و مارکسیست خەباتی سیاسی نهێنی لەبارودۆخێکی سەخت و ئاڵۆزدا لەسایەی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا دەستپێدەکات، بەشداری کاریگەری دەبێ لەبڵاوکردنەوەی بیری چەپ و مارکسیستی بەتایبەتی وەکو خاوەن کتێبخانەو یەکێك لەکتێب فرۆشە ناسراوەکانی ئەو شارە.
- چەندین ووتارو کاری رۆژنامەگەری و وەرگێڕانی فکری و سیاسی هەیە.
- کاندیدی لیستی قەلای کەرکوك ژمارە ٣١٤ یەو ریزبەندی ژمارە (١٣)یە لەلیستەکەدا.